# هەردوو ئالای عێراق و کوردستان پێویستە بپێچرێنەوە!

سامان کەریم

Zaryak@yahoo.com

ڕوژی 1ی ئەیلول لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاردرا کە ئالای عێراق لەسەر دامودەزگا ڕەسمیەکانی هەرێمی کوردستان لابرێت و تەنها ئالای کوردستان بەرزبکرێتەوە. ئەم بڕیارە بڕیارێکی تازەنیەو لە ماوەی 3 ساڵی رابوردودا چەند جار لەبۆنەو هەلومەرجی سیاسی جیاوازدا بەرزکراوەتەوەو هەڕەشەی پێکراوەو وەکو فشارێک لەبەرانبەر دەسەلاتدارانی ئیسلامی سیاسی بەغدادا کارپێکراوە. جیاوازی ئەمجارە لە دوو خاڵی سەرەکیدا بەرجەستە دەبێتەوە، یەکەمیان بونی بارزانیە وەك سەرۆکی هەریم و دوەمیان هەلومەرجی سیاسی کوردستانە. ئەگەر نا هەلومەرجی سیاسی عێراق و کێبەرکێی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی و ئەمەریکا ئەگەرچی فراوانترو خەتارناکتر بۆتەوەو هەروەها کۆمەڵگای عیراقی دەرگیربوە لەگەڵ جەنگێگی تائیفی خەتەرناکدا، بەڵام ئەم هەلومەرجە جێگاو ڕێگایەکی ئەوتۆی نیە لەم بڕیارەدا. لە هەمانکاتدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم بریارە هیچ پەیوەندییەکی نیە بە هەوڵی سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردایەتی و هەردوو حزبی دەسەلاتداری کوردستانەوە بۆ "سەربەخۆیی کوردستان" وەکو میدیای عەرەبی ئیدعای دەکات.

## *ناوەرۆکی سیاسی ئەم بڕیارە!

ناوەرۆکی ئەم بڕیارە پێویستە لە هەلومەرجی سیاسی ناوخۆیی ئێستای کوردستانەوە دەربکێشرێت. هەلومەرجێکی سیاسی کە ماوەی چەند مانگە خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی بەردەوام لە بزوتنەوەی ناڕەزایەتیدا لە ڕێگای خۆپیشاندان و مانگرتنەوە ڕاوەستاوە لەبەرانبەر دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتیداو پێدادەگرێت لەسەر داوا ڕەواو ئینسانیەکانی خۆی لەمەر دابینکردنی ئاوو کارەباو سوتەمەنی و ئازادی سیاسی و ئازادکردنی زیندانیە سیاسیەکان... کە لەلایەن دەسەلاتدارانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە بە تەقەکردن و زیندانیکردن وەلامدرایەوەو تیایدا دەیان کەس بریندداربون و یەك کەسیش کوژرا. ئەم ڕوداوانەو ڕق و ناڕەزایەتی کەڵەکەبوی خەڵك لەبەرانبەر دەسەلاتی گەندەڵی 15ساڵەی دووحزبی دەسەلاتداری کوردستان و مانەوەی خواستەکانی خەڵك بەبێ وەلامێکی گونجاوو بێ‌متمانەی خەڵکی کوردستان بەم دەسەلاتە، گەیشتە بەوەی کە کەلینێکی گەورەو قوڵ بخاتە نێوان دەسەلاتداران و خەلکەوە لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە نێوان خەڵك و بزوتنەوەی کوردایەتیەوە. بەکورتی لەم ڕوداوانەی دواییدا بزوتنەوەی کوردایەتی و ئامانج و سیاسەت و دەسەلاتەکەی زەرەبەیەکی گەورەی بەرکەوت، بەجۆرێك کە نەك تەنها دەسەلاتدارێتی دوو حزبی بزوتنەوەی کوردایەتی کەوتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو ناوەرۆکی ئەم بزوتنەوەیە لەئاستێکی فراواندا بۆخەڵکی مانای پراتیکی خۆی نیشاندا لە گەندەڵی و بیکارەبایی و بێ ئاوی و کەمی سوتەمەنی و سەرکوتی ئازادی سیاسی و موخالیفینی خۆیان و کەمی موچەو..

## *شەڕە ئــــــالا!

سەرۆکی هەرێم بەم بڕیارەی دەیەوێت وەك ڕوح و ڕەمزی نەتەوە خۆی نیشان بدات و هەستی کوردایەتی زەربە خواردوو لەنێو خەڵکی کوردستاندا لەڕێگای ئالایەکەوە نیشان بدات و بەرزبکاتەوە کە لەسایەیدا دەیان شەری نێوان حزبە کوردیەکان بەرپاکراوە لە پیناو پاوانکردنی دەسەلاتدا چ لەشاخ و چ لەشارو دواین جار شەری ناوخۆیی 4ساڵەی نیوان هەردوو حزبی دەسەلاتداری ئێستابوو. لەسایەی ئەم ئالایەدا سەدان کەس تیرۆری سیاسی کراوەو هەزاران ژن کوژراوەو دەیان خۆپیشاندان سەرکوت و خوێناوی کراوە. لەسایەی ئالای کوردستاندا تەواوی سوپای وولاتانی ناوچەکە بەدەستی هەردوو حزبی دەسەلاتدار هێنراونەتە نیو قولایی کوردستانەوە، سوپای تورکیاو ئیران و تەنانەت سوپای بەعس یەك لەدوایی یەك و بە پێشڕەوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەلکی کوردستانیان کردە نیشانەی دەبابەو تۆپەکانی خۆیان... ئەم ئالایە نەك شایانی ئەوەنیە کە پیرۆز رابگیریت بەلکو پێویستە بۆ هەتا هەتایە لەگەڵ ڕابوردوە تاڵەکانیدا بپێچرێتەوە. بەلام ئەم ئالایە هەمیشە وەك ڕەمزێك لەلایەن حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە بەکارهێنراوە بۆ بەرز ڕاگرتنی هەستی نەتەوەیی و بەمپێیەش بەهێزکردنی خۆیان.

ئالاکانی 48ساڵی ڕابوردوی دەوڵەتی عێراق، ئالای بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب بوون، ئالایەك بون کە خەڵکی عێراق و کوردستان لە سایەیدا جگە لە نەهامەتی و کویرەوەری و سەرکوت و ئیعدام هیچی دیکەیان بەرنەکەوتوە. ئالای عێراق لەسایەی حکومەتی بەعسدا یەکێك لە گەورەترین تاوانەکانی دژ بە ئینسانیەتی تۆمار کرد لە ئەنفال و کیمیایی باران و روخاندنی گوندەکان. ئالای عیراق لەسایەی ئەم حکومەتە نەتەوە پەرستەی بەعسدا، ڕەمزی سەرکوت و پێشێلکردنی تەواوی مافە سیاسی و مەدەنی و فەردییەکانی خەلکی عیراق و کوردستان بوو، لەوانە مافی دەنگدانی گشتی و ئازاد بۆ خەلکی کوردستان و مافی خۆپیشاندان و مانگرتن و پیکهێنانی ئەحزابی سیاسی موخالیف و مافی ڕەخنەو رەئی... پێویستە ئەم ئالایە بخریتە زبڵدانی مێژووەوە. بەڵام ڕیگای دروست لەم نێوەداو لەسایەی دەسەلاتی

کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی لەعیراقدا تەنها جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی مودیرن و عەلمانی و موتەمەدنە کە ئینسان تیایدا بە شوناسی هاولاتیبونەوە گریبەندی خۆی بکات لەگەڵ دەوڵەتدا. لەبەرانبەر ئەم بڕیارەدا تەواوی بزوتنەوەو لایەنە شۆفێنیزمەکانی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەب زۆرناو هەڕشەی شۆفینزمی خۆیان هەلدەڕێژن و کۆنەپەرستی و لغاو بەربونیان گەیشتۆتە ئاستێك کە تەحمولی ئالایەك ناکەن لەکوردستان بەرزبکرێتەوە، کە لەلایەن هاوپەیمان و دۆستی خۆیانەوە بەرزکراوەتەوە. ئەمە بەرهەمی سیاسەتێکە کە سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ ماوەی 16 ساڵە پیادەی دەکات و لەماوەی 4ساڵی رابوردوشدا بەوپەڕی توانانەیەوە هەوڵی بۆداوەو ئێستا ئەنجامەکەی وەردەگرێتەوە، هیچ کاتێکیش یەك دەرسی بچوکی لێوەرناگرێت.

بڕیاری سەرۆکی هەریم جگە لە وەی کە سیاسەتێکە، دەیەوێت هەستی نەتەوەیی بەهیزو دەمەزربکاتەوەو ئازارەکانی ڕابوردوو لەزەینی خەلکی کوردستاندا بهێلێتەوەو لە پیناو مەشروعیەت دان بە دەسەلاتی خۆیان، لەهەمانکاتدا هەولێکە بۆ ئابلوقەدانی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی کوردستان و لەباربردنی داوکاری و خواستەکانی خەلك. بەتایبەت کە سەرۆکی ئێستای عیراق سکرتیری گشتی حزبیکی دەسەلاتداری کوردستانە لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە ئەم دووحزبەو سەرۆکی هەریم دەستوری عیراقیان قبولکردوە کە کۆنەپەرسترین دەستورە تەنانەت بە بەراورد کردن لەگەڵ دەستورەکانی دیکەی عێراقدا. قبوڵکردنی ئەم دەستورەو بەرز ڕاگرتنی ئالای کوردستان بەبێ هیچ رەخنەو ئاوڕادانەوەیەك لەو کارەسات و تاوانانەی کە لەسایەیدا کراوە، هیچ گومانێك ناهێلێتەوە لەمەڕ سیاسەتێك کە لەپشت ئەم بڕیارەوە وەستاوە، کە ڕاستەوخۆ بەرانبەر خەلکی کوردستانەو ڕاگرتنیانە بە ئەنتی بایەتیکی نەتەوەیی و سارێژکردنی ئەو برینانەیە کە بەرجەستەی بزوتنەوەی کوردایەتی کەوتوە. لەهەمانکاتدا ئەم بڕیارە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی هەرچی زیاتر قولکردنەوەی تەفرەقەی نەتەوەیی و هەر ئێستا تیرۆریستەکانی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەب، ئەم بڕیارەیان کردۆتە سەکۆیەك بۆ خۆ قایمکردنی خۆیان و قوڵکردنەوەی دوژمنایەتی و ڕق و کینە دژ بە خەڵکی کوردستان.

خەڵکی کوردستان پێویستە هوشیار بن لە بەرانبەر ئەم بڕیارەدا لە ڕێگای هەرچی زیاتر خۆ ڕێکسختن و یەکگرتووکردنی ڕیزی ناڕەزایەتی خۆیان و لەپیناو دابینکردنی گشت خواست و داوا ڕەواکانیاندا لەوانە پراکتیزەکردنی مافی ریفراندۆمێکی گشتی و ئازادو دەنگدانێکی ئازادانە بۆ جیابونەوەی کوردستان و پیکهێنانی دەولەتێك کە ماف و حورمەتی ئینسانیان بپاریزێت. ئەو کات دیاریکردنی ئالایەك کە جێگای ویستی خۆیان بێت و زام و کارەساتەکانی ڕابوردوو بسرێتەوە کاری چەند کاتژمێرێکە.